## چما عەزیز حەریریش نارازییە؟؟!! ... جەمال جەلال

هەولێر

زۆرم بە لاوە سەیر بوو کە دوێنێ بینیم عەزیز حەریری باسی لە مەغدووری خۆی دەکردو دونیایەك بەهانەی سەقەتی پڕ لە بوختانی هێناوەتەوە کە گوایە شارەزا (خبیر) و راوێژکار (مستشار) ەکان پرس و رایان پێ ناکرێ، لە کاتێکدا بە قسەی خۆی لەبەر کەفائەتی زۆریان کراون بە راوێژکار!!

بە راستی عەزیز حەریری کەس نەیناسێت خەڵکی هەولێر باش دەیناسن کە لە سەردەمی بەعس و لە گۆڤاری کاروان چۆن ببووە مووی شەیتان لە نووسەران و رۆشنبیران، چۆن رۆژ نەبوو چەند راپۆرتێك لەسەر نوسەران و رۆشنبیرانی هەولێر بە تایبەتیو رۆشنبیرانی کوردستان بە گشتی، نەنووسێت. لە خۆمەوە قسە ناکەم، فەرموون لە کاك حوسێن عارف بپرسن کە ئەو کات سەرنووسەری کاروان بوو ئەو دەزانێ دەوری زۆر خراپی عەزیز چۆن بوو، فەرموون لە نووسەرانی هەولێر بپرسن ئەوان دەردی دڵیان با بکەنەوە.

هەرچی پێی کرا بۆ بەعس کردی!! هەرچی رق و قین بوو بەرامبەر نووسەرانیش نواندی!!
لە دوای راپەڕینی بەهاری 1991 یش رووی پڕ شەرمەزاری لە بارەگای حیزبی شیوعی کرد، بەڵام برای بەڕێز کاك گوشاد حەمە سەعید کە شاعیرو چیرۆکنووسێکی باشە و ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی، ئەو کات لە بەهاری 1991 کە بینی عەزیز رووی لە بارەگای حزبی شیوعی کردووە، بێ پێچ و پەنا چوو لە ناو بارەگا قۆڵی عەزیزی گرت و دەری کرد، بەڵێ بە بەرچاوی هەمو خەڵکیەوە دەری کردو گوشاد پێی وت تۆی خائین و بەعسی (هێشتا نەببوو بە کۆنە بەعسی، تازە بەعسی بوو!!!) بۆت نییە روو لە بارەگای حزبێکی تێکۆشەر بکەیت، ئەگەر وا نیە با عەزیز بڵێ وا نییە چونکە گوشاد حەمە سەعید ماوە، مام زرار دەرگەڵەییش ماوە هاوڕی هۆگریش ماوە کە بە بەرچاوی ئەو دوو بەڕێزە عەزیزی دەرکردە دەرێ.

ئینجا هەولی دا بچێتە ناو یەکێتی دواتر لە هەڵبژاردنی 1992 یەکێتی بە بەهانەی ئەوەی عزیز دەنگی بۆ پارتی داوە دەریکرد، ئەمجارە خۆی خستەوە لای پارتی، کە پارتی لە هەولێر نەماو یەکێتی لە هەولێر دەسەڵاتدار بوو، عەزیز نەچووە مەسیف سەڵاحەدین، ئەمجارە بای دایەوە لای حزبی شیوعی و چەندین جار لە دەرگای ئەو حیزبەی دا، کە دەیەوێ هاوکاری ئەو حزبە تێکۆشەرە بکات و زروفێك ئەوی بردە ناو حیزبە قەومییەکان دەنا ئەو (عزیز) هەر خۆی نەك بە مارکسی دەزانێت بگرە شیوعیەو. . . . . . . . . . . هتد،

بۆیە هەولی دا داوەتێکی حزب بکات، بەڵام حزب نەك هەر بۆ داوەت بەڵکو بۆ سەردانیش نەچوون و وتیان بە هیچ شێوەیەك رازی نین تەنانەت ببێتەوە دۆستی حزبیش چونکە ئەوە خائینە نابێت رووی رەشی خۆی بە حزب سپی بکاتەوە، ئەو کەسەی عزیز پەیوەندی پێوە کرد لە 1996 کە بە هۆی ئەمەوە بێتەوەناو حزب ئێستا ماوەو زیندووە، بەڵام ئەگەر زۆر پێویست نەکات ناوی ناهێنم لەبەر ئەو نەك لەبەر خۆم، چونکە ئەو برادەرە ئێستا لەناو حزبی شیوعی دا نەماوەو لە ریزی حزبێکی نەتەوەییدا درێژەی بە خەباتی خۆی داوە.

بەڵام عزيز حاشا بكات ناچارم زۆر شتی تری باس بكەم. ئەوانەی نووسيومە هەمووی راست و دروستن و ئەسڵەن موناقەشەش هەڵناگرن.

ئینجا خوێنەری بەڕێز لێم بپرسە ئەی ئەم عزیزە چۆن كرا بە راوێژكار، ئەو كاتی عزیز بە هەزار ئامان و دەخیل و بە هەزار لە دەرگادان و دەست ماچكردن كرا بە راوێژكار مامۆستا فەلەكەدین كاكەیی وەزیر بوو، هەروەها بارزان مەلا خالید جێگری وەزیری رۆشنبیری بوو، دە بڕۆن لە بارزان بپرسن با كەمێك زۆر نا هەر كەمێك دڵی خۆی لەو بارەیەوە بكاتەوە، چونكە بارزان لە ئێمە باشتر عزیز دەناسێ ئەو دەزانێ عزیز هەقی چی هەیە، كە عزیز كرا بە راوێژكار بارزان خەریك بوو دەست لە كار بكێشێتەوە لە بەر هیچ نا تەنها لەبەر ئەوەی چۆن خائینێك دەكرێت بە راوێژكار؟؟!! ئەی ئەم هەموو نووسەرو رۆشنبیرە تێكۆشەرانە بۆ كەس ئاوڕیان لی ناداتەوە، عزیز نەخوێندەوارە بەعسییەكی پیس زۆر پیس بووە پیاوی بەعس بوو لەبەر جاسوسیكردنی بۆ بەعس یەك رۆژ لەو ئاگربارانەی ناو ئێراق نەكرا بە عەسكەر ئەو لە عەسكەری عەفووكرابوو ئاخر چۆن دەبێت بەعسیەك شەهادەی بەكالۆریۆسی نەبێت بكرێ بە راوێژكار، ئەم بڕیارە غەڵەتە هەركوێ كردبی، لە رووی قانوونیشەوە هەر غەڵەتە و. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . هتد

ئێستا ئەو وەزارەتەی عزیز لێی راوێژكارە، بارزان یش بریكاری وەزیرە فەرموون لێی بپرسن. بە كورتی خیانەتەكانی عزیز گەلێك زۆرن، كتێبێكی دەوێ، كەچی سەیرەكە لەوەدایە هێشتا ئەو رازی نییە، نازانم موئەلیفاتەكانی تا ئێستا چین تا شانازی پێوە بكات، جگە لە جاسووسی كردنی بۆ بەعس و ژیانی راپۆرت نووسی.
ئەگەر عزیز قسەی هەیە ئەز دواتر بیست قسەم دەبێت. . . . . . . . . . . . .